www.kurdistannet.org 7-1-2003

ئاسۆ بیارەیی_١٩٨٨
گەرمەی ئەنفالی تەعریب

## چەند دڵۆپەفرمێسکێکی خوێناوی
## سەرەتای شۆرش

لەسەرەتای ساڵانی شورشی تازە دوو پێشمەرگە دەچنە ماڵە جوتیارێ بۆ حەسانەوە لەناوچەی گەرمیان.
دوای نان خواردن جوتیارەکە ئاودەکات بەدەستیاندا و خزمەتیاندەکات.یەکێ لەپێشمەرگەکان دەڵێت مامە زەحمەت مەکێشە ئەی خۆمان چین ؟
ئەویش وەڵامدەداتەوە : گرنگ ئەوەیە کەبوونە خاوەن دەسەڵات دەستەکانم داخنەکەن و زوخاو نەکەن بەقورگماندا..

قلیجان_گەرمیان١٠_٤_١٩٨٨
گەرمەی ئەنفال بوو ، زۆربەی پێشمەرگە لەگوندەکانی ناوچەی سەنگاو گیریان خواردبوو هێزەکەی ئێمەش دوای شەرێ دەسەعاتەی (بناری گل) لەکاروانی کشانەوە گەیشتبوە گوندی( قیلجان)..گوندەکە پرببوو لەژن و پیاو مندالٚ کەلە ناوچەی (داوێ)وە رایانکردبوو.سەرلێشێواوی یەخەی هەموومانی گرتبوو.پیاوێکی تەمەن پەنجاساڵ کەئێمەی بینی ووتی: بەناوی ئەم خێزانانەوە داواتان لێدەکەم کەتەنها ژن و کچەکانم بۆ دەربکەن هەقی ئێمەتان نەبێ ، با ئەوان نەکەونەدەست ئەوگورگانەی کە هاکا پەلاماریاندااین..

بەکرئاوا ٩_٤_١٩٨٨ _گەرمیان
گوندەکە تەواو چولٚ بووبوو کوپتەرەکانیش وازیان نەدەهێناو بوردومانیاندەکرد دەنگی دەبابە و تۆپیش نیزیك دەبووەوە .
لەبەرزایەکەی سەرو ئاوییدا پیاوێك بەدەنگی بەرز دەگریاو هاواریدەکرد : لەناو دەکەسی خێزانەکەمدا ئەم کورەشم کوژرا..هەرچەندە کۆپتەرەکان دەیانبینی بەلاٚم تەقەیان لێنەدەکرد .کوپتەرەکان گیانی ئەویان بۆ جەهەنمی ئەنفال دانابوو.

کوردەمیرەکان_تیلەکۆ_١١_٤_١٩٨٨
مەلایەك عەمامەکەی گرتبوو و دەیسووراندەوە هەرکەس بەلایدا تێدەپەڕی پێی دەووت : لەمەولا جامانە دەبەستم چیتر رولەو قیبلەیە ناکەم کە ئەنفالی لێوەدێت.

عەبدولاٚ وەری خوارو ١٢_٧_١٩٨٨
رۆژانی ترئاسا جاشەخۆفرشەکان بو تالاٚنە شارۆ روژانە هێرشیان دەهێنا بۆ روخاندنی پاشماوەی کەلاوەکان . گوندی (عەبدولاٚ وەری) چونکە لەسەر نەخشەنەبوو تاماوەیەك بەر ئەنفال نەکەتووتبوو.ئەو ئاژەلٚ و ولاٚخەی مابوون لەوێ خۆیان دەشاردەوە.
گەرمەی نیوەڕوبوو لەدەرەوەی گوندەکە خۆمان شاردبووەوە..لەپردەنگی تەقەهات و دوای کەمێکیش ئاگر و دوکەلٚ لەگوندەکە بەرزبووەوە.ئیوارە کەچوینە گوندەکەوە ، ولاٚخێکی زۆر لەیەکێ لەگەورەکان دەرگایان لەسەر داخرابوو و هەندێکشیان بەر فیشەك درابوون. کەدەرگاکەمان کردووەوە هەریەکەیان بەلایەکدا خۆی وونکرد.



درێژەی هەیە...